# فەرمانی پێمان دەکرد ئەگەر لە سەفەردا بووین؛ سێ ڕۆژ وشەو خوفەکانمان دانەکەنین مەگەر بەهۆی لەشگرانیەوە نەبێت، بەڵام بۆ حاڵەتەکانی تر وەکو پیسی و میز کردن وخەوتن

لە زیری کوڕی حوبەیشەوە دەڵێت: هاتم بۆ لای سەفوانی کوڕی عەسال -ڕەزای خوای لێبێت- بۆئەوەی پرسیاری لێبکەم سەبارەت بە مەسح کردن لەسەر خوفەکان^، ووتی: بۆچی هاتوویت ئەی زیر؟ ووتم: بۆ فێربوونی زانست، ووتی: فریشتەکان باڵەکانیان دادەنێن بۆ فێرخوازی (زانستی شەرعی) وەکو ڕەزامەندیەک لەسەر ئەم فێربوونەیان، ووتم: هەندێک گومانم هەیە سەبارەت بە مەسح کردن لەسەر خوفەکان لە پاش پیسی کردن ومیز کردن، تۆ یەکێک بوویت لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆیە هاتووم پرسیارت لێبکەم؛ ئایا بیستووتە هیچ شتێک سەبارەت بەوە بڵێت؟ ووتی: بەڵێ، فەرمانی پێمان دەکرد ئەگەر لە سەفەردا بووین؛ سێ ڕۆژ وشەو خوفەکانمان دانەکەنین مەگەر بەهۆی لەشگرانیەوە نەبێت، بەڵام بۆ حاڵەتەکانی تر وەکو پیسی و میز کردن وخەوتن (مەسح کردن ڕێگەپێدراوە)، ووتم: ئایا هیچ شتێکی باسکرد سەبارەت بە خۆشەویستی؟ ووتی: بەڵێ، لە سەفەرێکدا بووین لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، کاتێک لەگەڵ ئەودا بووین؛ دەشتەکیەك بە دەنگێکی بەرزەوە بانگی کرد: ئەی موحەمەد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ئاستی دەنگی خۆی وەڵامی دایەوە، فەرمووی: «لێرەم»، (بە دەشتەکیەکەمان) ووت: تیا بچیت^^! دەنگ نزم بکەرەوە چونکە تۆ لە لای پێغەمبەری خودایت -صلى الله عليه وسلم-، ونەهیت لێکراوە لەسەر ئەم کارە ! ووتی: واللە دەنگم نزم ناکەمەوە، (پاشان) دەشتەکیەکە ووتی: پیاو کەسانێکی خۆش دەوێت؛ بەڵام ناتوانێت شوێنی ئەوان بکەوێت (وەکو ئەوان بێت لە کردەوەدا)؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «مرۆڤ لە ڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ ئەوانەدا حەشر دەکرێت کە خۆشیانی دەوێت». بەردەوام قسەی بۆمان دەکرد هەتاوەکو باسی پانی دەرگایەکی کرد لە ڕۆژئاواوە، کەسێک بە سواریەوە لە پانیەکەی دەڕوات لە ماوەی چل یان حەفتا ساڵ. ^(خوفەکان: وەکو گۆرەوی وایە بەڵام لە پێست دروستدەکرێت)، ^^(تیا بچیت -ویحک-: وشەیەکە عەرەب (بەکاریدەهێنێت بۆ ڕەخنەکردن وسەرزەنشت کردن مەبەستیان نزا لێکردن نییە

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە)]

زیری کوڕی حوبەیش هات بۆ لای سەفوان کوڕی عەسال -ڕەزای خوای لێبێت-، پرسیاری لێکرد دەربارەی مەسحکردن بەسەر خوفەکاندا، سەفوان ووتی: ئەی زیر، بۆچی هاتووی؟ زیر ووتی: بۆ بەدەستهێنانی زانست، سەفوان ووتی: فریشتەکان باڵەکانیان ڕادەخەن بۆ فێرخوازی زانستی شەرعی؛ وەکو ڕەزامەندی و بەگەورەدانانێك بۆ ئەوەی فێرخوازی زانست ئەنجامی دەدات، زیر ووتی: لە دڵمدا گومان دروست بووە دەربارەی مەسحکردن بەسەر خوفەکاندا دوای پیسی و میز کردن، و تۆ لە هاوەڵانی پێغەمبەری -صلى الله عليه وسلم-، و هاتووم پرسیارت لێ بکەم؛ ئایا هیچ شتێکت لە پێغەمبەرەوە بیستووە دەربارەی ئەمە؟ سەفوان ووتی: بەڵێ، فەرمانی پێدەکردین ئەگەر لە گەشتدا بووین؛ خوفەکانمان دانەکەنین بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و سێ شەو لەکاتی ڕوودانی بچووک وەک پیسی و میز کردن و خەوتن، جگە لە لەشگرانی نەبێت کە لە پاش ڕوودانی دەبێت خوفەکان دابکەنین، ووتم: ئایا بیستووتە هیچ شتێک بفەرموێت لەبارەی خۆشەویستییەوە؟ ووتی: بەڵێ، لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووین لە گەشتێکدا؛ کاتێک لەلای ئەو بووین، دەشتەکیەك بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد: ئەی موحەممەد، پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- بە دەنگێکی بەرز و نزیک لە دەنگی ئەو؛ وەڵامی دایەوە: وەرە، پێمان ووت: تیا بچیت؛ دەنگت نزم بکەرەوە چونکە تۆ لەلای پێغەمبەریت -صلى الله عليه وسلم-، و نەهیت لێکراوە کە دەنگ لەلای ئەو بەرز بکەیتەوە.

دەشتەکیەکە بەهۆی زبری و وشکی خەسڵەتی؛ ووتی: سوێند بە خودا؛ دەنگم نزم ناکەمەوە، پاشان ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، مرۆڤ هەیە خەڵکانێکی چاکەکاری خۆشدەوێت بەڵام وەک ئەوان کردەوەی نەکردووە؟ پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: مرۆڤ لە ڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە خۆشی دەوێت، زیر ووتی: سەفوان بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی باسەکە بۆمان؛ هەتاوەکو باسی دەرگایەکی تەوبەی کرد لە ئاراستەی شامەوە، کە خوای گەورە لە ڕۆژی خولقاندنی ئاسمانەکان و زەویدا دروستی کردووە، سوارچاکێک چل یان حەفتا ساڵ بە پانییەکەیدا دەڕوات، و داناخرێت هەتاوەکو خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵدێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4565